

## پەردە لادان لە هیمای قوربانییەکانی میکۆنۆس

رۆژی سێشەممەلەناوچەی‌شارلتۆن‌بێرگ ، لەبرلینی‌ئاڵمان، پەردەلەسەرهێمایی‌قوربانی‌یەکانی کارەساتی‌میکۆنوس‌لادرا.

لەورووداوەداکەلە17ی‌سیپتامبری1992رووی‌داچوارکەس‌لەرێبەرانی‌حیزبی‌دێمۆکراتی کوردستانی ئێران‌کوژران(1) . دوکتورسادقی شەرەفکەندی،رێبەری ئەوحیزبەکەلە سەربانگ‌هێشتنی کۆنگرەی ئەنترناسیونالیستی‌سوسیالیست‌چووبۆلەندن یەکێک‌لەقوربانی‌یەکان‌بوو .

بەرپرسایەتی‌کاروباری ئەو کۆنگرەیەلەوکاتد ابە ئەستۆی ویلی‌برانت سەدری ئەعزەمی ئەوکاتی ئاڵمان بوو. ئەوان لەکاتی نان خواردنی شەودالەرستورانی میکۆنوس کەوتنەبەردەسرێژوکوژران.

دادگای جنایی برلین‌لەپەیوەندی‌پەروەندەی قەتڵ( کە بەدادگای میکۆنوس‌ناوبانگی جیهانی دەر کرد) رۆژی 10 ئاوریلی 1997 رای خۆی راگەیاند و بەو پێیە بۆ یەکەم جار ئەو جنایەتە ، بە تیرۆریستی دەوڵەتی‌ناو دێرکراوسەرانی‌ئەوکاتی کۆماری‌ئیسلامی‌ئێران‌وەک دارێژەروبریاردەری ئەوقەتڵەناسێندران .

بەتایبەتی بۆعەلی فەللاحیان‌وەزیری‌ئەوکاتی‌ئیتلاعاتی‌ئێران، دەستوری گیرانی‌نێونەتەوەی بۆ درا.

دوازدەساڵ دوای ئەم رووداوە وحەوت ساڵ دوای بریاری دادگا سەرئەنجام پەردەلەسەرهیمای قوربانی‌یەکان لادرا .



شارداری ناوچەی شارلتۆن‌بۆرگ لە کاتی پەردەلادان لەسەرهیمای قوربانی‌یەکان ئاماژەی‌کردکەبۆئەوەی ئەوهیمای یادبوودەدروست نەکریٚ زەختێکی زۆری سیاسیان بۆهێناوە، بەڵام ئە ونەچۆتەژێرباری ئە وفشارەوەولەسەرقسەی خۆی پێداگربووە .
پترلە هەزارکەس وبۆوێنەبنەماڵەی قوربانی‌یەکان،رێکخراوەکانی ئێرانی وکوردکە لەتەواوی ئەوڵاتانەی کوردیان تێدایەونوێنەرانی رێکخراوەکانی بەشەردۆست ، و وەکیلەکانی‌دادگاوچە ندین‌قازی وسەناتۆری ناوخۆی پارێزگای برلین‌لەوریٚورەسمەدابوون دانانی ئە وهیمایەسەرئەنجام پاش وەدوا کەوتنێکی زۆر بەرێوەچوو . ئەو دواکە و تنە هەتا رادەیەکی لەبەرهەرەشەوگورەشەکانی‌سەفارەتی‌ئێران‌لەئاڵمان‌وشارداری تاران‌بۆدژکردەوەو دانانی‌لەوحی قوربانی‌یەکانی‌هێرشی‌شیمیایی‌شەری عێراق‌وئێران کەشیرکەتەکانی‌ئاڵمانی دابین‌کەری‌ئەوموادەدەناسرێن ، بوو.
هەڵبەت دواین‌نێوەرۆکی هیمای‌قوربانی‌یەکان‌بەدەست تێوەردانی دەفتەری‌سەدری ئەعزەمی‌ئاڵمان‌وسەناتۆری‌نێوخۆی‌برلین گۆردرا. لە نێوەرۆکی‌هەوەڵدا هاتبووکە وەزارەتی‌ئیتلاعاتی‌کۆماری‌ئیسلامی‌تاوانباری ئەوکردەوە تیرۆریستی‌یە ، بهەڵام نێوەرۆکی دوای‌دەڵیٚ کەکوشتنی‌ئەوچوارکەسەلەسەربریاری‌سەرانی‌وەختی‌ئێران بەرێوەچووە .



شارداری ناوچەکە وتی‌کەنێوەرۆکی‌دوایی‌رەوان‌ترولەراستی‌رووداوەکەنزیکترە .
هەروەهاوەزارەتی‌دەرەوەی‌ئاڵمان‌دژی‌دانانی ئەوهیمایەبوو زۆری‌زەخت خستە سەرشارەداری ناوچەکە ، بەڵام‌نەیتوانی پێش‌بەدانی بگریٚ .
خانمی کلۆدیاروود ، نوێنەری‌مافی‌مرۆڤی وەزارەتی‌دەرەوەی‌ئاڵمان، بەناردنی‌پەیامێک بۆئەم بۆنە وریٚورەسمەی رۆژی سیٚ شەممە ، ئەوکردەوەتیرۆریستی‌یەی زۆر بەتووندی مەحکووم کرد .

وەرگیراو لە فارسی بی بی سی وەرگێرانی ئاڵی کە ندی بە هاری 2704 کوردی
hakimrz@yahoo.com